




# کەرەستەکانی سەر مێز بۆ دیکۆری ماڵ

کەرەستە لەماڵدا، جێگەی جوانی و کاری تایبەتە، بە تایبەت ئەو کەرەستانەی کە شوێنی خۆیان دیارە و جێگەی کەرەستەی دیکە ناگرن، هەندێك کەرەستەی بچووك هەن، لەگەڵ ئەوەشدا شێوەیان دیار نییە، کەچی دیمەنێکی گەورە و جوان دەبەخشن، ئێکسسوار لە ماڵدا، دیمەنێکی رازاوە و جوانیان هەیە،، وەك ئەو ئێکسسوارانەی دەخرێنە سەر مێز و یان شوێنی تایبەت، هەندێك لە ئێکسسوار هەن، کاتێك لە شوێنی خۆیان دادەنرێن، جوانی خۆیان دەبەخشن، لە رێگەی ئەو ئێکسسوارانەوە، دەتوانین دیمەنێکی رازاوە بە ماڵ و سەر مێزەکان ببەخشین، لە کاتێکدا دەبێت سەر مێز والآ و کراوە بێت، بەڵام هەندێك ئێکسسوار هەن، شێوە و دیمەنێکی ناسکیان هەیە، کە وا دەکات سەر مێز رازاوە بێت، کەرەستەی لەم جۆرە وەك : گوڵدانی بچووك، یان کەرەستەی شێوە کۆن، یان ئێکسسواری بچووك و شێوە خواربێ، یان کەرەستەی بچووك و لە رەنگی جیاواز لە رەنگی مێزەکەوە بێت، ئەمەش وادەکات ببێتە یەکێك لە دیکۆرە جوانەکانی ماڵ، کە لە رێگەی ئێکسسواری بچووکەوە، دەتوانین دیمەنێکی قەشەنگ و جوان بەدی بکەین.

# لێو
# لوتکەی جوانیی جەستەیە









هەر چەندی گرنگیی بە جوانیی لێو بدەین، ناگەین بەو ئەنجامەی کە مەبەستە، واتە لەگەڵ هەر دیمەنێکدا، شیاوی کراوەیی و ئامادەکارییەکی تایبەتە، جوانیی لێو لەگەڵ جوانی بەشێکی دیکەی جەستە خۆی بە دوور دەگرێت، واتە تەنیا لێو دەتوانێت سەرتاپای جەستە جوان بکات، پسپۆرەکانی جوانکاری دەڵێن: جوانی لێو کاریگەری زیاتری هەیە لە جوانی سەرتاپای جەستە، واتە کاتێك توانیمان لێو جوان بکەین، دەگەین بە لوتکەی جوانی تەنانەت بۆ جەستەش، لە جوانکاریی لێو، چەندین لایەن هەن کە شێوازیان دەگۆڕێت، لەوانە : رەنگ بۆ لێو گرنگترین بەهای جوانی دەبێت، ئەو رەنگەی لەسەر لێو دەبێت، لە دوورەوە جوانی و کاریگەریی خۆی دەنوێنێت، تەنانەت رەنگی کراوە بەشێکی گرنگی جوانیی لێوە، هەروەها سەبارەت بە رەنگ بەپێ وەرز و شوێنەکە دەگۆڕێت، لەوانە: بۆ وەرزی ئێستای پایز، دەتوانین سوود لە رەنگەکانی : سوور-پەمەیی-سووری تۆخ-پەمەیی کاڵ وەربگرین، وەك بەشێکی جوانی لێو، سەبارەت بە شێوەی لێویش، یان دانانی هێڵکاریی لێو، جوانی خۆی هەیە،، بۆیە خانمان دەبێ وریابن لە هەڵبژاردنی هێڵکاریی لێو، چونکە وادەکات شێوەی لێوت دیار بخات، بە جۆرێك، هەندێك جار هێڵکاریی لێو، دەبێتە مایەی شێواندنی جوانیی لێو، بۆیە دەبێ ئاگاداری رەنگ و شێوە و هێڵکاری لێو بین.

# ئێکسسواری بازنەیی بۆ سەر جلی کوردی

لەگەڵ مۆدە و کاری جوانکاری بۆ جلوبەرگی کوردی،کە هەریەکە مایەی جوانی و شیاوی دیمەنێکی ناسکە، کاتێك لەسەر جەستەی خانمانی کورد دەبینرێن، ئەمەش وەك رێگەیەك کە کچانی کورد، لەگەڵ جلوبەرگی کوردی دەبن بە خاوەنی دیمەنێکی رازاوە و جوان بە ئێکسسوارەکانەوە، لە کاتێکدا دەتوانین سوود لە ئێکسسوارەکان وەربگرین، ئینجا چ لەگەڵ کراسەکە بێ، یان بە جیا دابنرێ، لێرەدا باس لە ئێکسسواری سەر پشتێن و ناوقەد دەکەین. ئێکسسواری سەر جلوبەرگ، یان کاتێك ئێکسسوار بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەپۆشرێ، هێمایەکی جوانی و بە نرخ دەنوێنێ، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێتە شێوازێکی رازاوە لە جوانی کەرەستەی ئێکسسوار کە دەکرێ لەسەر جل بپۆشرێ، بۆیە لە ئێستادا مۆدەی ئێکسسوار بە شێوازێکی جوانتر لە جاران دەپۆشرێ، ئەویش بە دانانی لەسەر ناوقەدە، یان کاتێك لەگەڵ پشتێن دەپۆشرێ، ئەمەش وەك رێگەیەك بۆ دانانی ئێکسسوار لەسەر جەستە، بە جۆرێك کاریگەری نەبێ لەسەر جلەکە، بە دانانی ئێکسسوار لەسەر ناوقەد یان پشتێن، وادەکات جوانی کراسەکە زیاتر رازاوەتر و جوانتر بێ، بەمەش دەتوانین جوانی ئێکسسوار بە تایبەت کاتێك شێوەی ئێکسسوارەکان بازنەیی یان گەورە و پان دەبێ، جوانترین دیمەن دەبەخشێ.












# جوانیی پێستی دەست و نینۆکی پەنجە

کاری جوانکاری بۆ نینۆك و دەست، کارێکی گرنگە و دەبێ گشت خانمان کاری لەسەر بکەن، ئەمەش لە رێگەی ئەو لایەنە دەبێت، کە پێستی دەست و نینۆك، دیمەنی خۆیان ببەخشن و رازاوە بن، لە کاتێکدا، هەر جۆرە ئامادەکارییەك بۆ ئەو لایەنە، دەبێتە رێگەیەکی جوان بۆ پارێزگاری و پاك راگرتنی پێست و نینۆکەکانی دەست، هەر یەکە لە پێستی دەست و نینۆك، دیمەنی خۆیان هەیە، هەرچی پێستە بە ناسکی و رازاوەیی خۆی دەنوێنێت،، شەوانە بەر لە نووستن بە کرێمی نەرمکەرەوە چەور دەکرێت، هەروەها بەیانیانیش بە ئاوێکی پاك دەشۆردرێت، سەبارەت بە نینۆك، ئەویش لە رێگەی دانانی بۆیەکی جوان، یان برین و قرتاندنی نینۆك، مایەی جوانییەکی رەها دەبێت، گرنگە بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ پێستی دەست و نینۆکی پەنجە دەکەین، لە کاتێکدا ئەو جۆرە جوانییەی لە دەست ونینۆکەکاندا هەیە، لە بەشەکانی دیکەی جەستەدا نییە، بەهۆی ئەوەی نینۆك و دەست هەردەم لەبەرچاون و بەبێ هیچ لایەنێکی دیکە، جوانی و درەوشاوییان هەیە، لە کاتێکدا دەتوانین ئەو جۆرە جوانییە لە پێستێکی نەرم و نینۆکێکی بۆیەکراوی جواندا بەدی بکەین.

# قژی خاو و تەسریحەی کراوە

هەر ستایلێکی قژ، مانایەکی خۆی هەیە لە جوانی، بەمەش لەگەڵ مۆدە و تازەگەرییەکاندا دیمەنی دەگۆڕدرێ، سەبارەت بە قژ، کاتێك تەسریحەیەکی زیندووی بۆ دەکرێت، واتە ئەو جۆرە تەسریحەیە، کە بە شێوەیەکی بڵاو یان تەڵی قژەکە کراوە دەبێت و زیاتر لەیەکتر جیادەکرێتەوە و هەر یەکە بە دیمەنێکی جیا دەردەکەوێ، ئەمەش بە تەسریحەی زیندوو دەناسرێ، ئەگەرچی، کاتێك قژ خاو دەبێت، بە تەسریحەی شیاو دەناسرێت، واتە تەنیا دادەنرێ و دیمەنی لە شێوەیەکی دیکەدا دەردەکەوێ، وەك ئەو جۆرە تەسریحانەی کە لە قژی خاو دروست دەبن، لەم لایەنەوە دەکرێ سوودێکی تەواو لە جۆری یەکەم وەربگرین کە تەسریحەی زیندووە، بەمەش ئاراستەیەکی جوانی خۆی دەبێت، لەگەڵ هەر تەسریحەیەك، جۆرە دیمەنێکی جوانمان دەست دەکەوێت، کە وادەکات لە رێگەی ئەو جوانییەوە، هەنگاوێکی تایبەت بەدی بکەین، لەگەڵ تەسریحەی زیندوو، واتە قژی داو داوی کراوە، یان ئەو تەسریحانەی تەڵەکان بە تەواوی دیار دەبن، ئەمەش دەتوانین لە رێگەی جۆری شامپۆی قژ، یان بەکارهێنانی موکەیف، یان جێل، ئەو جۆرە تەسریحەیەمان بۆ دروست ببێت، یان هەندێك جار گرنگی نەدان بە قژ، ئەو جۆرە تەسریحەیەی لێ دروست دەبێت، کاتێك قژ بەو تەسریحەیەوە دەبێت، دەتوانیت بە ئاسانی شێوازی تەسریحەکە بگۆڕیت یان بیخەیتە کام لای سەر شانەکان، تەسریحەی لەم جۆرە شایستەی جوانییەکی تایبەتە و بۆ گشت خانمان دەبێت.



# ژاژی!

ژاژی یەکێکە لەو خواردنە کوردەوارییانەی کە کەسانێکی تایبەت هەن حەز لە خواردنی دەکەن، لەگەڵ ئەوەی تامێکی جیاوازی هەیە لەگەڵ خواردنەکانی بەروبوومی ئاژەڵ، کەچی سوودێکی گرنگی هەیە بۆ جەستە و شێوەکەشی وەك لۆر وایە، بەڵام بوونی هەندێك گیای سرووشتی تێدەکرێت، کە شێوەی لە لۆر جیا دەکاتەوە. ڕێگەی دروست کردنی ژاژی قورسە و بە هەمووو کەسێك دروست ناکرێت، ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش بەم شێوەیە دەبێت:

دوای ئەوەی کە لۆر دەکرێت بە پەنیر، دوای ئەوەی ئاژەڵ سەر دەبڕدرێ و پێستەکەی کە پێیدەگوترێ (گرواندن) زیاتر لە پێستی بزن و مەڕ، وەکو کەوڵکردن نییە، ئەو لۆرەی ئامادە دەکرێت بۆ پەنیر، لە ناو ئەو گرواندنە دەکرێت، تا ماوەیەکی زۆر، نێوان (٢) تا (٣) مانگ، پاشان، لەناو ژاژی جۆرە گیایەکی تێدەکرێ، بۆیە ئەو گیایە دەخرێتە ناو ژاژی تاوەکو، ژاژییەکە تێکنەچێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە، ژاژی خواردنێکە بەیانیان و ئێواران دەخورێت، شێوەکەشی هەر وەك گوتمان لە لۆر دەچێت، بەڵام ڕەنگی ئەوەندە سپی نییە وەك لۆر، لەگەڵ ئەوەشدا شتی دیکەی تێدایە و شێوەکەی بۆرترە یەکێکە لەو خواردنانەی لە شیری ئاژەڵ دروست دەکرێت.

# خەنەبەندان!



خەنەبەندان، بۆنەیەکی کۆن و پیرۆز بووە لەنێو کورد، ئەمەش وەك بۆنەیەکی تایبەت و خۆش، ڕۆژێك بەر لە ئاهەنگی هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێت، کاتێك کچێك بە شوو دەدرێت، ئەو شەوەی کە بۆ بەیانی کچەکە دەبێتە بووك و دەیبەن بۆ لای زاوا، ئاهەنگێکی خنجیلانە لە ماڵی کچەکە ساز دەکرێت، لەلای هەندێك خەڵك و هۆز، دەبێ زاواش بچێتە ماڵی بووکەکە و ئەو شەوەی بەر لە ڕۆژی هاوسەرگیری، زاواش لەوێ دەبێت و ئیدی خەنەبەندان دەست پێدەکات، بە ئامادەبوونی خەڵکی نزیکی بووك و هاوڕێیان و دۆستانی بووك و زاوا، زیاتر کەسوکاری بووك ئامادە دەبن. دوای ئەوەی ئاهەنگێکی خنجیلانە و جوان ئەنجام دەدەن، خەنە دەهێنن و لە ناو لەپی بووکە خان دەدرێت، بە شێوەیەکی بازنەیی، هەندێك جار لەسەر دەست و شوێنی دیکەش دەدرێت، بەڵام زیاتر لە ناو لەپی دەست دەدرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا بووکەکە پیرۆز بێت و ئاهەنگەکەش بە قسەی خۆش و چەپڵەڕێزان تا درەنگانی شەو بەردەوام دەبێت.

# نینۆکی خۆشەویستی!

ڕێگاکانی دەربڕینی خۆشەو یستی زۆرو هەمە چەشنەن و لەم ڕۆژگارەشدا لە سەردەمی پێشکەوتووی ئێستادا دەیان و بگرە سەدان ڕێگە هەیە،ئەستێرەی بەناوبانگ بیونسێ ڕێگەیەکی تازەی گرتە بەر بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ جای زی هاوسەری،ئەویش بە دانانی وێنەی هاوسەرەکەی لەسەر نینۆکی دەستی ڕاستی و وێنەی خۆشی لەسەر نینۆکی دەستی چەپی ولەسەر لاپەڕەی تایبەتی خۆی بڵاوی کردەوە کە هەردووکیان لە وێنەکان پێدەکەنن.



## سەرۆک و ئوتۆمبێلەکەی!



هەندێك لە سـەرۆك و كەسايەتييە بە ناوبەنگەكانی جيهان، بە سادەيی و ساكاری دەژين، يان لە دەرەوەی كاری سياسـی و بەڕێوەبردن، ژيانێكی ئاسـايی دەبەنە سەر، وەك باراك ئوباما كە زۆربەی كاتەكانی لەناو خەڵك و شوێنە گشتييەكانە، واديارە سەرۆكی ئۆرۆگوايش هەمان كار دەكات، بەڵام ئەمجارەيان جگە لەوەی سەرۆكی ئۆرۆگوای، لەناو خەڵكە، كەچی ئوتۆمبێلێكی كۆنی هەيە كە مێژووی بۆ سـاڵی ١٩٨٧ دەگەڕێتەوەو لە جۆری فۆلكس واگنە، سـەرۆكی ئۆرۆگوای ناوی (خۆسيە موخيكا)يە و تەمەنی (٧٦) ساڵە.

## (١٤) پیاڵە بە دەستێک هەڵدەگرێت

كەسـانێك هـەن خاوەن بەهـرە و كاری جوان و سـەيرن، ئەمەش لـە كارەكانيان دەردەكەوێت، كاتێـك كارێكی وا دەكەن لە سرووشتی كاری خۆيان دەردەچن و ئەمەش يان لە ڕێگەی فێربوونەوەيە، يان لە خۆيەوە دروسـت دەبێت، وا دیارە لە كوردستانيش ئەو جۆرە بەهرەيـە هەيە، ئەو پياوە كاری چايچی دەكات و نزيكەی (١٣) ساڵە لە چايخانە كار دەكات، شەوێكيان بەرێكەوت بينيم، ژمارەيەكـی زۆر پياڵەی پڕ چای هەڵگرتبـوو، منيش چوومـە لای و لێم پرسـی، تا چەند پياڵە دەتوانيت بە دەستت هەڵبگريـت، كاكە فەرهاديـش وەڵامی دامەوە، كە بەكـردار توانی (١٤) پياڵەی پڕ چای بە دەستێكەوە هەڵبگرێت، ئەمەش يەكێكە لەو بەهرە سەيرانەی كە مرۆڤ لە كاتی كاركردندا ئەنجامی دەدات.





## سەرتاپای جەستە لە تاتۆ

شێتەكان و سەرسـامەكانی تاتۆ لە جيهاندا زۆرن، هەيە بە ڕێژەيەكی كەم جەسـتەی تاتۆ دەكات، هەيە بە شـێوەيەكی زۆر جەسـتەی لـە تاتۆ هەڵدەهێنێت، ئەمـەش وەك كارێكی سەرسـام يان سـەرنجڕاكيش ئەو كارە دەكەن، ئەگەر چی ئەو پيـاوە خاوەن چەندەها منداڵە و ناهێڵێـت، هيچ كام لـە منداڵەكانی كاری تاتۆ بكەن، كەچی خۆی لە تاتۆ هەڵهێناوە و سەرتاپای جەستەی بە تاتۆ كووتراوە. (ئەندری ماينكۆ)، ئەو پياوە ئەمەريكييەيە، كە بەهۆی سەرسامیی خۆی، تەنانەت سەنتيمەترێكی لە جەسـتەی نەماوە تاتۆ نەكرێت، بەمەش دەبێتە يەكێك لە سـەيرترين حاڵەتەكانـی تاتۆ، كە يەكێك بەو ڕێژەيە تاتۆ بكات و هيچ شوێنێكی جەستەی نەمێنێت.



## وشككردنەوەی میوە بۆ وەرزی زستان

**فۆتۆ : پێشەوا جەلال**

هـەر لەگەڵ هاتنی وەرزی زسـتان كۆمەڵێك ميوە و خۆراك بە سروشـتی نامێنن يان كەم دەبن بۆيە پێويستە ڕێگە چارەيەك بگيرێتە بەر بۆ هەڵگرتنيان، ئەم وێنانەی دەيبينين بريتين لە وشككردنەوەی هەندێ بەرهەم لەبەر هەتاو.

ئێـرە تەوێڵەيە كـە دەكەوێتە باكووری خۆرهەڵاتـی شـاری سـلێمانی نزيك سنووری ئێران، ئەو شوێنەی دنيايەك وێنە و سروشـت و خەڵكی خوانی تێدايە هەر لەسەر شـەقام و زۆر بە سادەيی هەندێ دوكانـدار يان ماڵەكان هەر لە نزيك دەرگا يان سەربان هەندێ بەرهەمی وەك قەيسی و توو و هەڵوژە و ترێ..هتد وشك دەكەنەوە.

وشـككردنەوە ڕێگايەكـی هەڵگرتنی خۆراكـە لـە وەرزی هاوين بـۆ وەرزی زستان و پارێزگاريكردنيتی لە تێكچوون بۆئەوەی لە زسـتاندا بەكار بێت، سەرەتا بەرهەمەكان جوان دەشۆردرێنەوە، پاشان دەست دەكرێت بە بژاركردنی و ئەوانەی خراپن لەناوياندا دەردەهێنرێت و پاشان لەسـەر نايلۆنی خاوێن لەبەر هەتاو وشك دەكرێنەوە.






لـەم وێنـەیە بۆقێك هـەیە بیدۆزنـەوە

## مانـــای خـــەون

**شـێت بوون:** لە خەودا سەربەرزی وشـــکۆمەندی ودەوڵەمەندی و خۆشی و کامەرانی یە، ئەگەر لەخەودا بەهۆی دەســـت لێ وەشـــانەوە تێك چێت ئەوە پارە بە فایز ئەداتە خەڵکی، هەروەها شێت بوون مانای چوونە بەهەشـــتە یان دەســـکەوتی پارەیەو زوو خەرج ئەکرێت، شـــێت بوونی منـــداڵ دەوڵەمەند بوونی باوکی یەتی، شـــێت بوونی ئافرەتساڵێکی خۆش و بە بەرەکەتە .



**سەرچاوە: خەوننامە!**

## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانـــەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی گۆرانیبێژێکی پیاوی کوردت بۆ دەربچێ .**

ر - ف - و - ا - ش - ر - ن - پ - ە

**وەڵامی ژمارەی پێشوو : ئەیلوول**

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




ڕەنگـــە کارێکـــی زۆر بـــاش یان پرۆژەیەکی هونەری ئەنجام بدەیت، هەر لەم ماوەیەدا هەندێك لەبیروڕاکانت گۆڕانکاری بەسەر دێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




ناکۆکی و ململانی بەشێویەکی کتوپـــڕ ڕووت تێـــدەکات، بۆیە پێویســـتت بەکەســـێك دەبێـــت هاوکاریـــت بکات بۆ ئاســـایی کردنەوەی بارودۆخ .

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



هەندێك پێشـــنیارت بـــۆ دەکرێت بەڵام بەهـــۆی دوو دڵیت نازانی کامەیان هەڵبژێـــری و جێبەجێ بکەیت، باشترە ئەمڕۆ پەیوەندی نوێ نەبەستیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ئیش و کارە ئاســـاییەکانت بەباشی بەڕێـــوە دەچن و چالاکانە کۆتایی بەهەندێـــك کارت دێنیـــت، هەر ئەمـــڕۆ زیاتـــر لەپێشـــوو بیر لە یارەکەت دەکەیتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



لەو بڕیارەی داوتە پەشیمان مەبەوەو خۆڕاگر بە، لەبواری ســـۆزدارییەوە ئەو خۆشەویســـتیە مەزنـــەی کە چاوەڕێی دەکـــەی کەمێك دوا دەکـــەوێ، بەڵام بێ ئومێد مەبە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



لـــەم ڕۆژانـــە بیـــر لەرابـــردووت دەکەیتەوە، بەمەش دەست دەکەیت بەگۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانت کەلەوانەیە ئـــاوات و ئامانجی ژیانیشت بگرێتەوە.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شێخان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- یتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ مەلیك و پاشا)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی جوانە لە سرووشتدا هەیە، بۆنی خۆشە)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی سەر شێتە، بە ڕەنگی سوور شێت دەبێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+١)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ گونیە، ئەو شتەیە شتی دەخرێتە ناوی)





## حەیران

**حەیرانبێژ(هۆمەر دزەیی)**

خۆزی بە خۆزی داران ئەمن و بەژنێ باریك ئەو سارەکە بەوێ پایزێ
بە غەم جۆتە قەتێیەك باین لە ڕەوە قەتێیەکانی دەشتەکانی کاولە هەولێری
چێشتاوی خۆمان بکردبا لە ئاویێ پرینگە و مێر غوزالی
لەوەڕی خۆمان بکردبا لە پەرێزە جۆیان
لە کەندو لەکەندی مەعبەینی ترپەسیپان و دووگردکان
نا بەخوای ئاقاری دووکەرەو قوشاغلوی
ئاوا ببوینایە لە زوورگەزراوی ڕەنگین کەرخی جانەو تیکالۆی
هەر بکشابایناپەوە لۆ ئاقاری دەربەندو سۆفی سمایلی کۆزە پانکەو گردی گۆمی
ئەوجاهەینێکە شۆڕ ببایناوە لۆ دەشتەکەی کاولە قەراجی
ڕۆژ لەسەر زەردەی هەر بنیشتباینایەوە سەر هێلانۆکەی تێکدراوی ئاخ چ بکەم دەنا بە دەستی زاڵم و بەدکاران.

## دیوانە شیعر

هێدی شاعیر دەڵێ :
ناسرەون هەست و خەیاڵ، ئەی خۆزگە من دێوانە بام!
خۆزگە دەست و پێم لە ناو زنجیری بایە و، وا نەبام!
زولفی سەر شانت، عەزیزم! کاتێ هاتی شانە کەی
من گوتم: "سەد خۆزگە دەنکی شانە بام و، شا نەبام"!
کەس وەک ئاوێنە بە وردی ناژمێرێ خاڵی ڕووت
بۆیە ئاواتم بوو ئەو ئاوێنە بەستەزمانە بام.
شەو چەقوچۆی جووتێ بەی وام دەگرێ، ڕۆژێ ڕەنگە من
وا نەلەرزیبام لە سەر سینگی ئەگەر لەرزانە بام.
نابێ ڕزگارم لە دانەی خاڵ و داوی کەزیەکەی
من کە دەمویست قەت لە گیری داوودانەدا نەبام.
زەردەخەندەی لێوەکانت هەر هەناسێکی دەوێ
ئەو تەلەسمەم پێ نەدەشکا من کە وەک شەوبا نەبام.
تا پەرەنگ و پیاڵە وا لاجانگ و لێوت ماچ دەکەن
من دەڵێم: "قەیدی چ بوو خوایە یەکێ لەو دوانە بام!"
کێ هەبوو وەک شەم بسووتێ بۆ منی شەیدا، ئەگەر
خۆم لە دەوری وی وەکوو پەروانە بێپەروا نەبام؟
شەو بوو، ئەو بوو، مەی بوو، بسکی باوەشێنی ڕووی دەکرد
هەر منی بێچارە لەو ناوە دەبوو بێگانە بام.
خۆزگە بۆ ئەو پێنج و دوو ڕۆژەی ژیانی خۆم، منیش
هەر وەکوو "هێدی" مەلی تۆفانی بێ هێلانە بام!
ماڵ و سەر ویستم بە جارێ وا فیدای تۆ کەم، وەتەن!
ئەورۆ چیرۆک بێ لە ناو گەلدا، سبەی ئەفسانە بام.

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك

## پەندی ناوداران

**پۆستاین گاردەر دەڵێ:**

- (گەر مردن نەهێنینە بەر چاومان، ئەوا ناتوانین هەست بەژیانمان بکەین).

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەپەیوەندیە گشتیەکانت، توانات بۆ دەروبەرت روون دەبێتەوە، چاوپێکەوتنێك ئومێدت بۆ دەگەڕێنێتەوەو یارمەتیدەرت دەبێ بۆ بڕیاردانت لە پڕۆژەیەکی بایەخدار.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

براو خوشکەکانت رۆڵێکی گرنگ لە ژیانت دەگێڕن، لەوانەیە کێشەیەکی خێزانی بوروژێندرێت، زۆر بەحەکیمی و زیرەکی هەڵسوکەوت بکە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

رەنگە بە ئامانجێکت بگەیت، بەکارێکەوە خەریکیت کە پەیوەندیدارە بە بواری داراییەوە یاخود لەبواری سۆزدارییەوە لەبارێکی زۆر باش دەبیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

کەسێك دێتە ژیانت و ململانێت لەگەڵ دەکات و بارودۆخت ئاڵۆز دەکات، بەڵام ئەگەر بەهێمنی مامەڵە بکەیت بەم زووانە بەسەریدا زاڵ دەبیت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەستێرەی ساتۆرن شوێنێکی گونجاوی گرتووە و لەئیمرۆ وە هاوکارت دەبێت و لەگرفت و کێشەکان رزگارت دەکات و لەگەڵ دەوروبەریش دەتگونجێنێت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

کێشەیەك هەڕەشەت لێدەکات و تووشی ململانێیەکی توند دەبیت، لەبەر ئەوە لەوانەیە ورەت دابەزێت و تووشی دوو دڵی و غەمناکی ببیت.

## نوکتە

- دز دەچنە سەر ماڵێک دزیبکەن و ساحێب ماڵەکە لە پڕێکا دێتەوە ماڵەوە دزەکان هەریەکەیان ئەچنە ناو فەردەیەکەوە پیاوەکە سەیری فەردەکان دەکات پێی سەیرە شەقێک لە فەردەیەکیان دەدات دزەکە ئەڵێت خڕڕڕڕڕڕ بۆ ئەوەی پیاوەکە وا بزانێت گوێزە و شەقێک لەوی تریان دەدات دەنگی نایەت ٣ جار دوبارەی ئەکاتەوە و دزەکە سەر دەر دەهێنێت و دەڵێت هەتیو ئاردم ئارد.. ئارد کوا دەنگی هەیە